# كۆنگرەی یەكەمی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری چەپی عیێراق كۆنگرەی ڕێكستنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری بو لە عێرەق!

كاروان مجید

ڕۆژانی 31/ 3 و 4/1 شانازی ئامادابونی كۆنگرەی یەكەمی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی چەپی عراقم پێبڕا وەک میوانێک ، سەرەڕای زۆرێک لە باسو نوسراوانەی لەلایان ڕابەران و هەلسوڕاوانی دریژەپێدەری ڕێگەی سۆسیالزم و مەنسور حكمت دەبینران ، بەدوای دروست بونی خیلافەتە فكری و سیاسیەكانی ناو بزوتنەوەی كۆمۆنزمی كرێكاریی ئەم كۆنگرەیە یەكەمین كاری دەستە جە معی پۆلێک لە كۆمۆنیستەكەنی عیێراق بو كە تییایدا جارێكی تر ئالای كۆمۆنیزمی كرێكاریی بۆ بەدی هێنانی سۆسیالزم و دنیایەكی باشتر بەرز ڕاگیرایەوە.

ئەم كۆنگرەیە بە باسەكەنی بە پلات فۆرمو ئەهدافەكانی و پشتبەستین بە كۆمۆنزمی مەنسور حكمت ماركسزمی لە خەوشی دیبلۆمەسیەت و تەحالفی كۆنە پەرستانە دەركیشا و سۆسیالزمی وەک هەمیشەكردە كاری هەر ئەمرۆ .

كاری ڕاستەوخۆ ی كۆمۆنیستی و جەماوەری ،پشت ئەستور بە هێزی فراوانی خەلک ، وەستانەوە بە ڕوی هێزە قەومی و مەزهەبی و عەشیرەتیەكان و وەدەرنانی هێزەكانی ئەمریكا بۆ دەركیشانی خەلكی عراق لە وەزعی مەینەت باری ئیَستا لەناو سیناریۆی ڕەشدا بەبێ سات وسەودا و بەندو بەستی ژێر بە ژێر لە خال و بڕیارە درەخشانەكانی ئەم كۆنگرەیەبون .

دامەزراندنی حكومەتیێكی سكۆلاری غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی كردە بەشێک لە ئستراتیژی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی چەپی عێراق باوەڕ بەوەی كە نەجات بونی خەلكی عیراق و كۆتا كردنی دەستی ناسیۆنالزمومەزهەب بۆ یەكجاری بەسەر سەری خەلكی عێراقەوە تەنها كاری سۆسیەلستەكەنە لە عێراقدا نەک هەر لایەنەكی دیكە ، بەمەش كۆمۆنیزم جاریكی تر ئارایشی خۆی وەرگرت و بۆ هەركەسیک خوازیاری بەدیهاتنی سۆسیالزم بوایە ، لەم كۆنگرەیە بەدی هاتنی ئەم ئامەنجەی لە لا نزیک تر و بەرجەستەتر دەبۆیەوە چونكە خۆشبەختانە وەسیلەی ئەم ئامانجە ئنسانیە كە (حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی)ە لە عێراقدا پێكهێنرایەوە .

دەتوانم بلێم باسەكانی ناو ئەم كۆنگرەیە كۆمەلێک باسی تازە و نە ناسراو نەبون بۆ هەلسوڕاوانی كۆمۆنیزمیكرێكاری و هەمو ئەوانەی ڕۆژێک چاویان لەم بزوتنەوەیە بوبێت یان لە گۆشەیەكی ئەم دنیایە گوێبیستی بوبن . بەلاَم بە ئەندازەی زەروری بونی مەنسور حكمت لە دەورەیەكدا بۆ پشتڕاستكردنەوە و دەركێشانی ماركسیزم لە و تەعریفاتە جۆراوجۆرانەی بۆی دەكرا ، هێنانە وە مەیدانی ئەم باسانەش بۆ پشتڕاستكردنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاریی و بە بنەماكردنی حیزبی سیاسی خۆی بۆ بە ئامانج گەیاندنیان بەو ئەندازەیە زەرور بو ، شۆڕش و سۆسیالزم بنەما گرنگەكانی تیۆری مەنسور حكمت بون كە كۆمۆنیزمی كرێكاریی لەسەر بیناكرا و لایەنێكی پر بایەخ بو بۆجیاكردنەوە و دیاری كردنی ئەو سنورەی كە ئێمە لەگەل ئە و لایەنەنە جیادەكاتەوە كە لەژێر ناوی چەپ بون و ماركسیزمدا تەقویێ دەسەلاتی بۆرژوازی دەكەن ،خۆشبەختانە كۆنگرە لەم ڕوانگەیەوە ئەم سنورەی دیاریكردەوە و ئەو لایەنانەی دایە بەر ڕەخنە كە ئەم ئامانجانە بەكاری دورەدەست و نا واقیعی دە زانێت بۆ جوابدانەوە بە دونیای واقیعی تالی ئەمرۆ.

به بروای من حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق  بە بەستنی کۆنگرە هەنگاوێکی گرنگی بڕی لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی عێراق کە غیابی کۆمۆنیزمی لەچوارچێوەی حیزبێکی سیاسیدا پێوە دیاربو بەدوای خیلافاتە ناوخۆیەکانی "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق" و ڕۆیشتنی ئەو حیزبە بۆ خاریجی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، خۆشبەختانە ئێستە ئتر حیزبێکی مارکسست بۆنەجاتبونی خەلکی عراق لەژێر دەستی هێزەکانی سیناریۆی ڕەش و ڕێکخستنی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکار بۆ لەبن هێنانی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی سۆسیالستی  لەخەم ڕەخسا و سەرکوتوانە لە کۆنگرەی یەکەمی هاتەدەرەوە ، ئەم حیزبە ئتر دەتوانێت پشتیوانی و سازماندەری بەهێزی نارەزایەتیەکانی خەلک بێت و ئامرازی دەستی ژنان و لاوان بێت بۆبەدەست هێنانی داواکانیان و خەبات بۆ بەدەست هێنانی ئاماجەکانی چینی کرێکار و ڕێکخستن و سازدانیان لەدەوری خواستەکانیان بە کاری هەمیشەیی خۆی دەزەنێت .

کاری کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشیش توندوتۆلکردنی ریزەکانی و کۆبونەوە لەدەوری حیزب و پارەستنێتی .

من دوای ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا لەسەر داوای خۆم شانازی ئەندامەتیم لەریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقدا پێبرا و پەیوەست بوم بە ریزەکانی ئەم حیزبەوە

بانگەوازی کرێکاران ، لاوان ، ژنان  و هەمو ئەو ئینسانانە دەکەم کە خوازیاری ئازادی و یەکسانی ئابوری و کۆمەلایەتین ،بۆ جێخستنی کۆمۆنیزم و دنیایەکی باشتر  بەیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقەوە پەیوەست ببن ،گەورەبون و هەلکشانی ئەم حیزبە یەکسانە بە تێکشکاندنی هەمو ئەو هێزانەی بەلای تیرۆر و تاریکی پەیامیانە بۆ خەلکی عێراق وەرن پێکەوە گەورەی بکەین بەهێزی بکەین کۆمۆنیزم بکەینە قودرەت.